## بەشی: دوویەم


٣٣- کۆنگرەی نەتەوەیی، چەند پێشنیازێک........................................................ سامان ساڵح ..... ٨٨

٣٤- کۆنگرەی نەتەوەیی گەورەترە لە جیاوازییەکان.................................. عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی ..... ٩١

٣٥- رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا........................................................ نوید کرمی ..... ٩٣

٣٦- رۆژهەڵاتی کوردستانو کۆنگرەی نەتەوەیی.................................................. خالید محەممەدزادە ..... ٩٨

٣٧- هەڵبژاردنی ئەم کاتە گونجاو نیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی و داوادەکەم دوابخرێت................. عادل موراد ..... ١٠٠

٣٨- کۆنگرەی نەتەوەیی و بێدەنگی.............................................................. وەهاب یوسفی ..... ١٠٤

٣٩- کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی چی؟....................................................... عومەر شەریف زادە ..... ١٠٦

٤٠- کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند سەرنجێک ................................................ بڕوا رەسول ئەحمەد ...... ١١١

٤١- فەرید ئەسەسەرد: کوردی هەر پارچەیەک بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات.................. کوردستانی نوێ ...... ١١٣

٤٢- وتەبێژی پارتی: ئێرانو تورکیا ترسیان لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە............................. نیقاش ..... ١١٦

٤٣- کۆنگرەی نەتەوەیی و پەیامی ئاشتی........................................................... رەحمان پیرۆتی ..... ١٢٣

٤٤- دیمانە لە گەڵ جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێ کوردستان (کەجەکە)............. سازدانی: هاوڵاتی ....... ١٢٦

٤٥- بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی.............................................................................. شەهلا دەباغی ...... ١٣٠

٤٦- پێویستە بیرو لۆژیکی کۆنگرەی نەتەوەی جیاواز بێت لە هزرو لۆژیکی حیزبی!............... محەمەد بێبەش ..... ١٣٤




سەرچاوە
Serchawe

## ئەسەسەرد: کوردی هەر پارچەیەک بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات




**سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان. دەڵێت کە کۆنگرە بەبێ یەکێتی و پارتی و PKK بەڕێوەناچێت، هەروەها کۆنگرە ناتوانێت ڕۆڵی مەرجەعێکی نەتەوەیی بگێڕێت.**

*** ماوەی چەند ڕۆژە هەرێمی کوردستان خۆی بەکۆنگرەی نەتەوەییەوە خەریککردووە، پێتوایە بۆچی لەئێستادا کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەسترێت؟**

**ئەسەسەرد**: ناتوانم هۆیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەم، بەکردەوە، ئێمە لەساڵی ۱۹۹۲وە توانای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییمان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم کۆنگرەیە لە نەوەدەکاندا ببەسترایە، ڕەنگە بیتوانیایە چارەسەر بۆ چەردەیەک کێشەی ئاڵۆز بدۆزرێتەوە، لەوانە شەڕی ناوخۆ، دواکەوتنی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ ماوەی ۲۰ ساڵ، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو پرسیارە بکرێت کە بۆچی ئێستا لایەنەکان سەرقاڵی بەستنی ئەم کۆنگرەیەن.

ئەوەی کە پەیوەندیی بەهەرێمی کوردستانەوەیە، ناکرێت ئەو فاکتەرە نادیدە بگرێت کە کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دوای ئەوە دێت کە ماوەی سەرۆکایەتی بۆ دوو ساڵ درێژکرایەوەو هەرێمیش سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئەیلولی داهاتوودا.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دوویەم

* لەبارەی هەوڵەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئاماژە بەچەندین هەوڵ دەدرێت، بەڵام بۆ تائێستا کۆنگرە نەبەستراوە؟

**نەسەسەرد**: لەساڵانی حەفتاکاندا، پاش بەیاننامەی ١١ی ئازارو چوار ساڵی ئاشتی، دەرفەتێکی زێرین بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەئارادا بوو، بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەماوەی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ کارێکی ئەستەم نەبوو، نەبەسترانی کۆنگرەکە لەوماوەیەدا بەڵگەی ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا ئیرادەی بەستنی کۆنگرەکە نەبووە، پێش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆو پاش سەرهەڵدانی هەوڵێک بۆ بەستنی کۆنگرەکە هەبوو، ڕەوەندی کورد لەئەوروپا ڕۆڵێکی پێشەنگی لە فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەکە گێڕاوەو ئومێد وابوو بەستنی کۆنگرەکەو ئامادەبوونی لایەنە بەشەڕهاتووەکان لەو کۆنگرە کە دەرفەتێکی لەبار بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ پێکبهێنێت، بەڵام هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەباربرا.

* کۆنگرەی نەتەوەیی لەکورتترین مانادا (هاوهەڵوێستی نیشتمان - نەتەوەیی - گوتاری یەکگرتوویی کوردە)، بەڵام لەناو هێزە کوردستانییەکاندا ئەم پرەنسیپانە نابینرێت، کەواتە هەرهەمووی بانگەشەیە بۆچی، بەناوی کۆنگرەی نەتەوەییەوە؟

**نەسەسەرد**: من تائێستا بەگومانم لە پێویستی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی. بزوتنەوەی کورد لەوڵاتەکاندا لەیەک ئاستدا نییەو هەلومەرجی هەر وڵاتێک لەهەلومەرجی وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەستەمە یەک ستراتیج بۆ یەک بزوتنەوە دابندرێت کە لەهەر پارچەیەکدا لەهەلومەرجێکی جیاوازدا دەژی.

* لەسەرەتاییترین کارەکانی کۆنگرەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پاشەکشەیان کرد، پژاک گلەیی و گازندەی زۆری کرد، بەم هەموو کێشەیەوە چۆن دەکرێت چاوەڕوانی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووی لێبکرێت؟

**نەسەسەرد**: ئەم کێشانە بەڵگەی ئەوەن کە کۆنگرەکە بناغەیەکی پتەوی نییە، ئەگەر پژاکو دیموکراتو کۆمەڵە لەدەرەوەی کۆنگرە، نەگەیشتبن بەخاڵی هاوبەش، چی گەرەنتیی ئەوە دەکات کە لەکۆنگرە دەگەن بەخاڵی هاوبەش؟

* بەشێک لە پارتەکانی پارچەکانی کوردستان پێیانوایە پارتی و یەکێتی و PKK دەیانەوێت هەیمەنەی خۆیان زاڵبکەن بەسەر کۆنگرەدا، ئەم بۆچوونە دروستە یان ناواقعییە؟



سەرچاوە Serchawe

بەشی: دوویەم

**ئەسەسەرد**: کۆنگرەی نەتەوویی لەبنەڕەتدا بەبێ یەکێتیو پارتیو پەکەکە بەڕێوەناچێت و لەبنەمادا کۆنگرەی نەتەوەیی کۆنگرەی یەکێتیو پارتیو پەکەکەیە، بۆیە زۆر ئاساییە کە هەژمونی هەریەکێکیان بەسەر کۆنگرەکەدا زاڵبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هاوسەنگبوونی هەژمونی لایەنەکانی سێکوچکەکە، دەشێت دەرفتێکی لەبار بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا پێکبهێنێت.

*** هێزەکانی PKK و کۆمەڵەو دیموکرات مەترسیان هەیە لەوەی کۆنگرەکە، لانی کەم داوای چەک دانانیان لێبکات، کۆتایی بەخەباتی چەکداری بهێنن، لەژێر فشاری ئێران و تورکیا شتێکی وا دەکرێت ڕووبدات؟**

**ئەسەسەرد**: کۆنگرە ناتوانێت هیچ شتێک بەسەر لایەنە بەشدارەکاندا بسەپێنێت، ئەو لایەنانەی کە دەترسن گوشاریان بخرێتەسەرو داوای چەک داماڵینیان لێبکرێت، دەتوانن لەبنەڕەتدا بەشداری نەکەنو ئەگەر بەشداریشیان کردو دژی داواکە وەستانەوە، دەتوانن کۆنگرە بەجێبهێڵنو هۆی بەجێهێشتنەکەشیان بەئاشکرا رابگەیەنن.

*** وا باسدەکرێت کە لەم کۆنگرەیەدا ئێران و تورکیا دەعوەت بکرێن، مانای ئەمە چییە، لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا جێگەی دەبێتەوە؟**

**ئەسەسەرد**: لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە، بەڵام من لەوبڕوایەدا نیم ئێرانو تورکیا بانگهێشتبکرێن.

*** کۆنگرە باس لەئاشتی دەکات، بەڵام باشوور بەخەباتی چەکداری مافەکانی خەڵک بەدەستهاتوون، لەباکوور ئەگەر شتێک کرابێت خەباتی چەکداری کردوویەتی، بۆچی ئێستا بۆ ڕۆژهەڵات - باکوور داوای ئاشتی دەکرێت؟**

**ئەسەسەرد**: من پێموایە کۆنگرەی نەتەوەیی ناتوانێت ڕۆڵی مەرجەعیەتێکی نەتەوەیی بگێڕێتو بەهۆی ئەمەوە ئەم کۆنگرەیە دەبێت دان بەوەدا بنێت کە کورد لەهەر پارچەیەکدا لەهەلومەرجێکی تایبەتدا دەژیو کوردی هەر پارچەیەک خۆی بڕیار لەچارەنوسی خۆی دەدات و ئەوشێوە خەباتە هەڵدەبژێرێت کە بەگونجاوی دەزانێت، مەسەلەی بەردەوامبون لەسەر خەباتی چەکدار یان وازهێنان لەخەباتی چەکدار مەسەلەیەکە کاری بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییەوە نیە، بەڵکو کوردی هەرپارچەک ئازادە لەهەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی پێیوایە بەو سەرەنجامەی دەگەیەنێت کە هەوڵی بۆ دەدات.

سەرچاوە: ماڵپەری PUKmedia – کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## وتەبێژی پارتی: ئێران و تورکیا ترسیان لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە



نیقاش

**جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی "نیقاش"دا باس لەوردەکاری گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکات کە بڕیار وایە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانو پارچەکانی تری باکورو خۆرهەڵاتو خۆرئاوا گرێبدرێت. هەر لەم دیدارەدا وتەبێژی پارتی باس لەدوا هەنگاوەکانی هەموارکردنەوەی رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستانو پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمو پەیوەندی کوردو بەغدا دەکات.**

**نیقاش**: ئێستا گرنگترین باسو خواسی شەقامی کوردی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە، ئایا ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت نێو ماڵی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان یەکبخات؟ یاخود چی لەدۆخی کورد دەگۆڕێت؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: کۆنگرەی نەتەوەیی ئاواتو خەونی گەلی کورد بووە، لەساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە باس لەم کۆنگرەیە کراوە، ئێستاش باشترین کاتە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەتایبەت لەباشوور، لەبەرئەوەی هەرێمی کورستان دۆخێکی یاسایی‌و دەستووری باشی هەیە، بۆیە مافی ئەم پارچەی کوردستانە لەچواچێوەی دەستووری عێراقدا ئەم کۆنگرەیە ئەنجامبدات، هاوکات ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی باشوور کە ئەم خزمەتە پێشکەشی پارچەکانی تر بکات، ئەمکۆنگرەیە دەتوانێت بڕیار لەسەر پاراستنی ئەو دەستکەوتە یاسایی‌و سیاسیی‌و دەستووریانە بدات کە لەهەر پارچەیەکی کوردستان بەدەست هاتوون، لەوانەش پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانو پاڵپشتی بەهێز لەو ئەم واقعە سیاسییەی لەباکوورو رۆژئاوا هاتووتەدی، دڵنیام ئەم کۆنگرەیە پاڵپشتیەکی بەهێزی ئاشتی لەهەر

سێ پارچەکەی تری کوردستان دەکات بەتایبەت لەباکورو رۆژئاوادا.

**نیقاش**: بۆچی تورکیا داوای کردبوو کە بارزانی ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئایا ئەوە تاچەند پەیوەستە بەنزیکی پارتی لەتورکیاوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئەمە کۆنگرەیە، نەک دامەزراوە، تا سەرکردایەتی بەردەوامی هەبێت، بەڵکو کۆنگرەیەکە سێ رۆژ دەخایەنێتو کۆتایی دێت، تەنیا سکرتاریەتێکی دەبێت کە بۆ بەرێوەبردنی کاروباری لۆجیستیو کارگێریو پەیوەندییەکان دەبێت، تەئکید لەوە دەکەمەوە کۆنگرە سەرۆکو ئەنجومەنی هەمیشەیی نابێت، گەرچی ئومێدەوارین لەئایندەدا ببێتە شێوازێکی بەردەوام، کۆنگرە تەنیا رەنگە بۆ سێ رۆژی بەستنی دیوانێکو سەرۆکێکی هەبێت ئەوەش شتێکی ئاسایە هەردەبێت هەی بێت.

**نیقاش**: بەڵام تورکیا داوای کردووە بارزانی سەرۆکی کۆنگرەکە بێت؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: من ئاگاداری شتێکی لەوشێوەیە نیمو باوەڕناکەم تورکیا داوای شتی وای کردبێت.

**نیقاش**: پاش سەردانەکەی بۆ تورکیا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی ئێرانیشی کرد، ئایا ئێران هیچ مەرجێکی بۆ کۆنگرەکە هەبوو؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: دیارە ئێرانیش وەک تورکیا چاودێری کۆنگرەکە دەکاتو دەیەوێت کۆنگرەکە نەبێتە هۆی دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئێران، بەدڵنیاییەوەش کۆنگرە مەبەستی ئەمە نییە، بەڵام ئێران دەزانێت هێزە سیاسییەکانی کورد پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتیو دیموکراسی دەکەن لەئێران، ئێمە دەمانەوێت ئەو دیموکراسیەتەی لەئێران هەیە گەشە بکاتو کورد مافی سیاسی زیاتر بەدەستەوە بهێنێت، رەنگە ئێران مەترسی هەبێت لەکۆنگرە، بەڵام تائێستا ئەو مەترسیانەیان زۆر زەق دیاری نەکردووە.

**نیقاش**: واتە ئێران مەرجی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نەبووە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: تائێستا ئێران باسی مەرجی نەکردووە، بەڵام بەراستی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەر مەرجدار بێت

باشتر وایە هەر نەبەستریێت.

**نیقاش**: ئێران مەترسی زیاتری لەکۆنگرەو دەرئەنجامەکانی هەیە یان تورکیا؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: رەنگە هەردووکیان مەترسیان هەبێت، بەڵام ئێران زیاتری هەیە.

**نیقاش**: دەگوترێت لەدواین کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی، پەیەدە لەسوریا مەرجی ئەوەی داناوە تەواوی خاڵی سنووری پیشخابوو لەنێوان هەرێمو سوریا بکرێتەوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئەم دەروازەیە هی حکومەتی هەرێمەو ئیشی ئەویشە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەمە نەئیشی پارتییە نە هی یەکێتیو نە هی هیچ حزبێکی تر، چونکە ئەمە دەروازەیەکە لەسەر فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تازە بۆ هاوکاری مرۆییو لۆجستی بۆ برایانی کوردمان لەرۆژئاوا کراوەتەوە، نەک بۆ ئەوەی پەنابەر لەرۆژئاواوە بێتە باشوور، ئێمە وەک پارتی چاوەڕوانی ئەوەبووین پەیەدە لەرۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هێزەکانی تری سیاسی لەرووی سیاسییەوە کراوەتربێتو ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەین دیموکراسی گەشە بکاتو تاکڕەوی نەمێنێت، چونکە ئەو تاکڕەوییەی لەوێ هەیە بەرژەوەندی رۆژئاوای کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، پێشموانییە پەیەدە بەزمانی مەرج لەگەڵ حکومەتی هەرێمو لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە قسەی کردبێت.

**نیقاش**: کەواتە کێشەی پارتی و پەیەدە لەسەر چییە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئێمەو پەیەدە لەسەر یەک خاڵ رێککەوتبووین کە بەداخەوە پەیەدە ئەو خاڵەی پێشێلکرد، خاڵەکەش ئەوەبوو کە کوردستانی رۆژئاوا چۆڵ نەبێت لەهاولاتیانی کوردو بۆ عەرەبی جێبهێڵین، کەچی رۆژی ١٥ی ئەم مانگە ئەم خاڵەی پێشێلکرد، ئەمەش مەترسی لەسەر ئایندەی کورد لەم رۆژئاوا دروست دەکات.

**نیقاش**: کەواتە هۆکار چییە کە پەیەدە داوای هاوکاری لۆجیستی دەکات لەهەمان کاتدا پەنابەرەکانی کوردیش رەوانەی باشوور دەکات؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: دڵنیام لەوەی پەیەدە پێیخۆش نەبووە هاوڵاتیانی کورد رۆژئاوا جێبهێڵن، چونکە پەیەدە کە داوای

دەکرد سنوور زیاتر کراوەبێت بۆ ئەوەی نەبوو، بەڵکو بۆ بازرگانی بوو کە سوودی زۆریان لێدەبینی.

**نیقاش**: لەئێستادا دۆخێکی ناجێگیر لەپەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەحزبە حکومڕانەکانو ئۆپۆزسیۆنەوە لەئارادایە، ئایا پارتی نیازی هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان هەیە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: پەیوەندی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدان، گەر گرژی تێبکەوێت هەر لەپێناوی دیموکراسیدایە، ئەوەی رووشدەدات پەیوەستە بەتێگەیشتنی جیاوازەوە بۆ گرفتەکانو چۆنیەتی چارەسەری، ئێمە تێگەیشتنی خۆمان لەمەر دەستوورو سیستەمی سیاسیو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانو خزمەتگوزاریو چاکسازییەکان هەیە، ئێستا پەیوەندییەکانی ئێمەو یەکێتی گۆڕانکاری بەخۆییەوە بینیوە، بەڵام لەپرسە ستراتیژییەکان هاوڕایەکی هەیە، دڵنیام پەیوەندییەکانی پارتیو یەکێتی بەرەو خراپی ناچێت، بۆ پەیوەندی پارتیو ئۆپۆزسیۆن ئێمە حەزدەکەین بۆ یەک کاتژمێریش گرژی نەکەوێتە پەیوەندییەکانمانەوە، هەڵوێستێکی پێشوەختمان نییە بۆ ناشیرینکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەداخەوە ئەوان هەیانە، ئێمە لەزمانی ئۆپۆزسیۆن بێزارینو نیگەرانین لەو زمانەی کە رەخنەی پێ لەئێمە دەگرن.

**نیقاش**: وەک دەبینرێت پەیوەندی ئێستا پارتیو یەکێتیش وەک جاران نییە، نزیکترین نموونەش بێبەشکردنی یەکێتییە لەپۆستەکانی ئیدارەی موسڵ لەلایەن پارتییەوە، ئەمەش نیگەرانی سەرکردایەتی یەکێتی لێکەوتووە، ئایا ئێوە بۆ یەکێتیتان لەپۆستەکان بێبەشکرد؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: برادەرانی یەکێتی خۆیان بەرپرسیارن لەوەی خۆیان لەئیدارەی موسڵ بێبەشکردووە، چونکە پارتی ئەوانی بێبەش
نەکردووە، ئەگینا پارتی بەپێی ئیستیحقاقی ئینتیخابی پۆستی بەیەکێتی داوە، بەڵام ئەوان داوای پۆستی زیاتریان کردووە، ئەمەش بێبەشکردن نییە، چونکە بێبەشکردن ئەوەیە کە تۆ بڕیارێک بدەی کە یەکێتی بێبەش بکەی کە شتی واش نەبووە.

**نیقاش**: بەڵام یەکێتی دەڵێت رێککەوتننامەی نێوانتان بۆ موسڵ لەلایەن پارتییەوە پێشێلکراوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئاگاداری هیچ رێککەوتننامەیەک نیم لەنێوان پارتی و یەکێتی کرابێت تا پێشێل بکرێت، رەنگە یەکێتی ئەو پۆستانەی کە بەر پارتی کەوتوون بەزیاد بزانێت، بەڵام ئێمە بەکەمی دەزانین، وەک سەرکردایەتی پارتی

حەزماندەکرد یەکێتی رازیبوایەو پێویستیش بوو یەکێتی بەو پۆستانەی پێیدرابوو رازی بوایە.

**نیقاش**: چەند جارێک باسی پێداچوونەوەتان کردووە بەرێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی، گرنگترین ئەو خاڵانە چین کە وەک پارتی بەنیازن لەرێککەتننامەکەدا هەمواری بکەنەوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: دوو خاڵ لای پارتی گرنگە، یەکەم: لای پارتی مەرج نییە لەهەموو هەڵبژاردنەکان بەیەک لیستی هاوبەش بەشداری بکەین، کە ئەوەش چارەسەر کرا، دووەم: هاوسەنگی لەدابەشکردنی پۆستەکان، کە بەبۆچوونی پارتی دەبوایە ئەوە سنووردا بکرێتو مەرج نییە لەهەموو پۆستێک هاوسەنگی هەبێت لەوانەش لەبەغداد کە ناکرێت لەهەموو پۆستەکان هاوسەنگی هەبێت، چونکە پارتی ئیستیحقاقی ئینتیخابی دوو بەرامبەری یەکێتیە، بەلام لەپۆستەکانی حکومەتی هەرێم پێوستە تا ١٠ بۆ ١٥ ساڵی تر هاوسەنگی هەبێت، گەر واقعی هەرێمی کوردستانیش بەخێرایی بەرەو باشتر گۆڕا ئەوسا دەتوانین قسەی تر بکەین.

**نیقاش**: لەئێستادا هاوشانی ئۆپۆزسیۆن، یەکێتی هاوپەیمانیشتان پێیوایە بەبێ گەڕانەوەی رەشنووسی دەستوور بۆ پەرلەمانو سازانی نیشتمانی لەسەریو خستنە ریفراندۆمیەوە کۆدەتایە بەسەر دیموکراسی، ئایا بۆچوونی ئێوە ئێستا لەسەر دەستوور چییە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: مەسەلەی دەستوور یەکلابووتەوەو تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لەنێوان سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی کە نامەوێت بچمە ناوەڕۆکیەوە.

**نیقاش**: واتە بەچ ئاراستەیەک یەکلابووتەوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: بەو ئاراستەی هەردوو لامان خزمەت بەپرۆسەی دیموکراسی بکەینو پارتیو یەکێتی لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە دەستوور هەموار بکرێتەوە دواتر بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەلام بەسازانێکی نیشتمانی.

**نیقاش**: تەنانەت لەسەر ئەوەش رێککەوتوون کە وەک یەکێتیو ئۆپۆزسیۆن دەڵێن سیستەمی سیاسیش لەسەرۆکایەتییەوە بگۆڕن بۆ پەرلەمانی؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: نەخێر، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، چونکە سیستەمی سەرۆکایەتی لەهەرێم بوونی نییە تا بیگۆڕین، ئەوەش خاڵێکی ترە کە لەکاتی پرۆسەی هەمووارکردنەوەی ڕەشنووسی دەستوور دێتە ئاراوە.

**نیقاش**: لەوتارەکەیدا بارزانی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە بەنیاز نییە خۆی کاندیدبکاتەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئایا پارتی جێگرەوەی بۆ سەرۆکی هەرێم دەبێت یاخود ئەو پۆستە دەدەنە یەکێتی؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئەوەی جەنابی سەرۆک فەرموویەتی کە بووە واقع ئەوسا باسی ئەوەش دەکەین.

**نیقاش**: واتە لەنێوان پارتیو یەکێتی باس لەئاڵوگۆڕی پۆستی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم نەکراوە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: نەخێر، چونکە لای ئێمە پۆست مەبەست نییە، ئەوە پۆستی میللەتەو لای ئێمە شتێک نییە بەناوی پاوانکردنی پۆستەکان.

**نیقاش**: بەڵام ماوەیەکە میدیا ناوخۆییو بیانییەکان باس لەئەگەری وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار لەخولی داهاتوو لەلایەن بارزانییەوە دەکەن، ئایا ئەمە لەناو پارتی باسکراوەو تاچەند ئەگەرێکە ڕێی تێدەچێت؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: بەهیچ شێوەیەک ئەوە لەسەرکردایەتی پارتی باس نەکراوە، لەگەڵ یەکێتش بەهەمان شێوە.

**نیقاش**: تائێستا ڕەوشی تەندروستی سەرۆک کۆمار تاڵەبانی ناجێگیرە، ئایا ئێوە تاچەند ئاگاداری دۆخی تەندروستی ناوبراون؟ ئایا پێتوایە ئەوەی یەکێتی لەبارەی تەندروستی تاڵەبانییەوە بڵاویدەکاتەوە دەقیقە؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئاگاداری ئەوەین کە دۆخی بەرەو باشتر دەچێت، ئاگاداری ئێمەش لەو لێدوانانەوەیە کە پزیشکە تایبەتەکەی باسی لێوە دەکات، پێمانوایە قسەکانی پزیشکەکەی دەقیقو ڕاستگۆیانەن چونکە پیشەی ئەو ئەوەیە کە سوێندی خواردووە وەک دکتۆرێک پیشەکەی بەسیاسی نەکات.

**نیقاش**: لەئێستادا دەنگۆی ئەوە هەیە کە پارتیو یەکێتی نیازی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان هەیە کە وابڕیارە ٢١ی ئەیلول ئەنجامبدرێت، ئایا وایە؟



سەرچاوە Serchawe

**جەعفەر ئیبراهیم**: ئەوە هیچ راست نییە، ناهەقییە بەرامبەر پارتی دەکرێت، چونکە پارتی سوورە لەسەر ئەوەی ٢١ی ئەیلول هەڵبژاردن بکرێت.

**نیقاش**: بەڵام ئێستا کۆمسیۆنیش ئەو داوایەی هەیە؟


**جەعفەر ئیبراهیم**: ئێمە دژی ئەو داوایەی کۆمسیۆنینو شەرمەزاری بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەین، چونکە ناکرێت دوابکەوێتو کۆمسیۆنیش ئیشەکانی خۆی کردووە.

**نیقاش**: لەمانگی حوزەیراندا رێککەوتنێکی ٧ خاڵی لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمو بەغداد واژووکرا، ئایا ئەمجارە کورد چ گرنتیەکی وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی رێککەوتنەکە؟ ئەگەر جێبەجێنەکرێت هەڵوێستان چی دەبێت؟

**جەعفەر ئیبراهیم**: پەیوەندییەکان بەرەو باشی دەچنو ئێمە پابەندین بەو رێککەوتنە تائێستاش بەغداد پابەندە، هاوکات لیژنەکانی هاوبەش کاری خۆیان کردوونو بەردەوامن، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین یاسای نەوتو غاز لەپەرلەمانی عێراق پەسند بکرێتو حکومەتی بەغداد پاڵپشتی زیاتر لەکاری لیژنەی ماددەی ١٤٠ بکات تا ماددەکە جێبەجێبکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاوینە نیوز - رێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێ کوردستان (کەجەکە): پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە بەدەوری و هاوسەرۆکی بێت



**سازدانی: هەستیار قادر**

**فازڵ هۆرامی، دانا ڕەزگەیی**

* تێبینی: من تەنیا ئەو بەشەی پێوەندی بە کۆنگرەی نەتەوەییەوە هەبوو دام ناوە

**هاوڵاتی: دواخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر پێشنیاری پەکەکە بوە؟**

**جەمیل بایک**: ڕێکەوتی بەڕێوەچونی کۆنگرە هیچ پەیوەندییەکی بە پەکەکەوە نیە. پەکەکە خواستویەتی کۆنگرە بەڕێوەبچێت لە چ ڕێکەوتێکدا بەڕێوەدەچێت ئەوە پەکەکە نەیوتوە با لەفلان ڕێکەوتدا بێتو ئەو بابەتە هیچ پەیوەندیەکی بە پەکەکەوە نیە، سەرۆک ئاپۆ چوار کۆنفرانسی پێشنیارکردبوو، لە ئامەدو ئەنکەرە و بروکسلو هەولێر، هەر یەک لەو کۆنفرانسانە تایبەتمەندییان جیاوازە، بەڵام تەواوکاری یەکترن. کۆنفرانسەکەی هەولێر بەهۆی تەواوبونی کۆنفرانسەکانی دیکەوە دەبێتە کۆنفرانسی لوتکە. سەرۆک ئاپۆ خواستی لەو کۆنگرەیەدا ئەوەیە خەیاڵ و داواو خەونی کورد پێکبێنێت، چونکە کورد دەیەوێت یەکێتی کورد دابمەزرێت و کێشە لە نێوان کوردەکاندا نەمێنێت و دەستی دوژمن لەناو کوردەکاندا نەهێڵرێت، نابێت هیچ هێزێک کورد بکاتە یاری خۆی و کێشەی نێوان کورد و دراوسێکانی چارەسەر ببێت.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لە ڕەشەکوژی خۆیان ڕزگار بکەن و بتوانن بژین، پێویستە کۆنگرە لەسەر بنەمای داخوازی کوردەکان بەڕێوەبچێت نەک لەسەر بنەمای داخوازی دەوڵەتەکانو بەڵکو دەوڵەتەکان نایانەوێت ئەوە کۆنگرە بەڕێوە



سەرچاوە Serchawe

بچێت، بەڵکو دەیانەوێت بەپێی داخوازیەکانی ئەوان بەڕێوەبچێت، بەڵام کورد ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات. ئێستا کورد گەیشتۆتە چ ئاستێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەش لەبەرچاو بگرێت لەو کاتەدایە مرۆڤ دەزانێت کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد پێویستە، چونکە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوە بە هێزی یەکەم و ئێستا دەتوانن لێبڕاوانە هەموو سیاسەتەکانیان دەستنیشان بکەن، پێویستە کورد هەنگاوێکی مێژویی بنێت بۆ خۆی و بۆ گەلانی ناوچەکە ئەویش کۆنگرەی نەتەوەییە. کێشەی گەورەو بڕیاری یەکلاکەرەوە کێشەی کوردە. ئەو کێشەیە چارەسەر نەبێت هیچ کێشەیەکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر نابێت، پێویستە ئەو کۆنگرەیە تەنها لەخزمەتی بەشێکدا نەبێت. پێویستە تەنها لە خزمەتی حزبێکدا، یان هەندێک حزب نەکات. کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوە قبوڵ ناکات و ئەوەش راست نیە. پێویستە کۆنگرە خزمەت بەهەمو بەشەکانی کوردستانو حزبەکانی بکات و بڕیارەکان تیایدا نەک بە زۆرینە، بەڵکو پێکەوە و بەهاوبەشی دەربکرێت، نابێت بڕیارەکان بۆ بەشێک، یان هەندێک حزب بێت. بڕیارێک، کە نەتوانرێت حزبێکی پێ قایل بکرێت ئەوا پێویستە نەبێت بەبڕیاری کۆنگرە، ئەگەر کورد ئەوە نەکات ئەو هیوایەی کە هەموو کەس لە کوردی هەیە هێدی هێدی بەرەو لاوازبون دەڕوات و تێکدەچێت. پێویستە کەس ئەو کۆنگرەیە نەخاتە خزمەتی خۆی.

**هاوڵاتی**: بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە کێتان دەوێت؟

**جەمیل بایک**: پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە وەک سەرۆکایەتی حزبێک نەبێت. پێویستە سەرۆکایەتیەکەی دیموکراتی بێت و دەستاودەست بکرێت، دەمانەوێت لەکۆنگرەدا کێشەی کورد لەگەڵ دراوسێکاندا چارسەربکرێت نەک بەهۆی کۆنگرەوە کێشەی نوێ بۆ کورد دروستبکرێت. ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا پێویستە کۆنگرە نەگیرێت.

**هاوڵاتی**: ئێوە پێشنیارتان کردوە سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە دەوری بێت هۆکاری ئەو داوایە چی بوو؟

**جەمیل بایک**: با ئێستا بڵێن سەرۆکی حزبێک یان سەرۆکی بەشێک بوو بەسەرۆکی کۆنگرە ئەو ئەگەرە هەیە، ئەوە ناکۆکی لێبکەوێتەوە، بۆ ئێمە کێشە نیە، کێ دەبێت با ببێت، چونکە ئێمە بڕیارەکانی کۆنگرە بۆ خۆمان دەکەینە بنەماو ئامانجیشمان ئەوەیە. ئێمە کەسەکان ناکەینە بنەما. هەر کەسێکیش ببێتە سەرۆکی کۆنگرە، ئەوە پێویستە ئەو کەسەش بەپێی ئامانجو بڕیارەکانی کۆنگرە بجوڵێتەوە. ئەوەش بەدروست دەزانین، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە، کە حەساسیەت هەبێتو کێشە دروستبکات، بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی ئێمە ئەوەمان دەوێت، کەسەرۆکایەتی هاوبەش یان هاوسەرۆکی بێت نەک تەنها یەک کەس ببێتە سەرۆکی کۆنگرە (ژن و پیاوێک لەیەک کاتدا سەرۆک بن)، ئەو کاتە دەبێتە سەرۆکایەتی دیموکراتی، مافەکانی کورد بەهۆی نەبونی دادپەروەریەوە زیانی زۆریان بەرکەوتوە، بۆیە پێویستە کورد

نوێنەرایەتی دادپەروەری بکات و دادپەروەری پێشبخات. هەم بۆ ناوخۆی و هەم بۆ دەرەوەی، دەبێت ناهەقی لەناوخۆیدا بسڕێتەوە تاوەکو بتوانێت ناهەقی لە شوێنەکانی دیکەشدا نەهێڵێت.

**هاوڵاتی**: ئامادەن دەستبەرداری یەکەم خولی سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەبن گەر بەدەوری بێت؟

**جەمیل بایک**: ئەوەی سەرەتا یەکەکە بێت یان نەبێت ئەوە جێگای باس نیە و نابێت کێشە و هۆکاری مشتومڕ، لەلایەن یەکەکەوە شتی لەوشێوەیە لەکۆنگرەی نەتەوەییدا رونادات بەدوای شتی ئاوادا ناڕوات. گرنگ سیستمی کۆنگرەیە. پێویستە سیستم دروست بکرێت. بۆ نمونە ئەنجومەنەکەی چۆن بێت، بەڕێوەبەرایەتیەکەی چۆن بێت، کۆمیتەی دیبلۆماسی و سیاسی چۆن بن، ستراتیژیی کورد چی و چۆن بێت گرنگە.

**هاوڵاتی**: زۆرینەو کەمینە رۆڵ دەبینێت لە کۆنگرەدا؟

**جەمیل بایک**: ئێمە دەمانەوێت کۆنگرە دیموکراتیزە بێت و هەر کەسێک بەشداری کۆنگرە دەکات بۆچونو پێشنیارەکانی بخاتەڕوو، ئێمە نامانەوێت کۆنگرە لەسەر بنەمای داخوازیەکانی یەکەکە بێت. ئەگەر ئێمە ئەوەمان بوێت ئەوە کۆنگرەی یەکەکە هەیە و تیایدا داخوازیەکانی خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام لەوەی بەشێک، یان هەندێک حزب بیانەوێت کۆنگرە بەپێی ئەوان بێت ئەوە بەدروست نازانین.

**هاوڵاتی**: بانگهێشتی تورکیاو ئێران دەکرێت بۆ کرنگرە ئێوە رێگر نین؟

**جەمیل بایک**: کۆنگرەی نەتەوەیی لەدژی هیچ دەوڵەت و حزبێکیش نیە. کۆنگرەی لەو شێوەیە بەڕێوەناچێت و بڕیاری دژایەتیکردنیشی تێدا دەرناکرێت، پێویستە هەموو کەس و لایەنێک ئەوە بزانن. کۆنگرە دەیەوێت کێشەی کورد لەگەڵ دراوسێکانی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا چارەسەر بکات. تاوەکو کێشەکە چارەسەر نەبێت ئارامیش لەو دەوڵەتانەدا نابێت، چونکە هەمیشە جەنگ لەدژی کورد دەکەن. ئێمە دەمانەوێت کۆتایی بەو دۆخە بێت و پێویستە ئەو دەوڵەتانە لە کۆنگرەی نەتەوەیی نەترسن، بە پێچەوانەوە بیانەوێت کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد دابمەزرێت، چونکە کاتێک کێشەی کورد چارەسەر بێت، ئەوە کێشەی ئەو دەوڵەتانەش چارەسەر دەبێت، هەر لە بەرئەوەش دەڵێین با بێن و بەشداری کۆنگرە بن، چونکە لەلای ئەوان بیرکردنەوەیەک هەیە، کە دەڵێن کورد هەر کارێک بکات بۆ دژایەتیی ئێمە دەیکات. بۆچی وا بیر دەکەنەوە، چونکە سیاسەتی داگیرکاری بەسەر کوردانداا بەڕێوە دەبەن. دەست لەو سیاسەت و زیهنیەتە بەرنادەن. بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دوویەم

هەمیشە ئەڵێن کورد چی دەکات لە دژی ئێمە دەیکات. هەموو کەس و لایەنێک بانگهێشت دەکەین بێن و بەشداریی تێدا بکەن. لە کۆنگرەدا ئامادەبن و لە کۆنگرەدا باس لەچی دەکرێت و گفتوگۆ لەبارەی چییەوە دەکرێت و بڕیار لەسەر چی دەدرێت با بەچاوی خۆیان ببینن. تاوەکو ئەو ترسە و ئەو زیهنیەتە بشکێت

سەرچاوە: ماڵپەری هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دوویەم

## پێویستە بیرو لۆژیکی کۆنگرەی نەتەوەی جیاواز بێت لە هزرو لۆژیکی حیزبی..!!



**محەمەد بێبەش**

**بەرێزان .. برواناکەم لیرەو لەوێ کوردێکی دڵسۆز هەبێ حەز بەیەکگرتوی و یەک گوتاری و یەک هێزی ماڵی کورد نەکات .. بەڵام پێویستە هەر یەکێکمان بۆچونی خۆی واڵا بکات .. بۆ شێوازی باشترین و سەرکەوتووترین کۆنگرە.**

**خاڵە لاوازەکانی کورد لە مێژوودا...**

لەسەرەتاوە ..پێویستە دەستەی ئامادەکار لیژنەیەکی مێژووناسی سیاسی ئامادەبکات ولە هۆکارە دۆراوەکانی رابردوو بکۆڵێتەوە وپۆلێنیان بکات.

بە بڕوای من هەتا سەرنجێکی رەخنەیی لە مێژوە دۆراوەکان نەدەین و خاڵە لاوازەکانی رابردوو دەستنیشان نەکەین ..ناتوانین هەنگاوی داهاتوو بەسەر کەوتوی ئەنجام بدەین ..بەلام کاتێک دەستنیشانی ئەو بۆشاییانەمان کرد کە لە گوتارو رەفتاری رابردوماندا هەبون، بەئاسانی دەتوانین ئەو بۆشاییە نادروستانەی رابردوو بەشێوەیەکی گونجاوی هەنوکەی پر بکەینەوە، خاڵێکی تر سرینەوەوی مێژووی خەباتی رابردوی نەوەی پێش خۆمان، کەئەوەش بوّتە میراتی حێزبایەتی و تەنانەت شۆڕبۆتەوە بۆ ناو تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی کینە و رق، بەو رێژەیەی لە رابردوو بینمان هەردوو حیزبی دەسەڵات پەنایان بۆ دوژمنان وداگیرکەران برد، یەکێک لەخاڵە هەرە لاوازەکانی رابردوو خۆمان داوەتە دەست کەسایەتیەک و پەنامان بۆ سیستەمی تاکە کەسی بردوە هەموو مقەدەسایەتی نەتەوەو نیشتیمانیمان لە بۆچونێکی تاک ورەفتاری تاک و ژیانی تاکێکدا کۆکردۆتەوە، کە ئەمەش وایکردوە بەرژەوەندی تاک زاڵبێ بەسەر بەرژەوەندی باڵاو

بەشی: دوویەم

گشتیدا، زاڵبونی بیروورای ئایدیۆلۆژی بەسەر خواستە نەتەوەیی ونیشتمانیەکاندا، هەروەک ئیستا هەندێ لە حیزبەکان بە بەژن وبالآی رۆژئاوادا هەڵدەڵێن و هەندێک بەژن و بالآی رۆژهەلآتیەکان، کەهەردووکیان لە دابەشبوون و لەتکردنی ئەم نەتەوەو نیشتمانە هاوکارو جێبەبەجێ کاربوون، بڕوا بەخۆنەبون و قبوڵنەکردنی یەکتری بە پاساوی گەورەو بچوک و قەبارە..بۆ مانەوەو زیادەرۆیی لە کایەکانی دەسەلآتی شەرمەزاریدا..!

پێویستە ئێستا چی بکەین .ئەوی ئیستا من دەیبیستم لەو لیژنانەی کە دروستکراون ..کورد ووتەنی ( نەرێسراوەو نە تەندراوە ...شەقەی دێ) جارێ ئێمە بە شێوازێکی فەرمی نێودەوڵەتی لە هیچ شوێنێک خاوەنی کیان و دەوڵەت و سنورێکی دیاری کراو نین، شەڕ لەسەر ئیدیای عیلمانی و ئیسلامی دەکەن، بیریان چۆتەوە کە ئەمە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتمانیە نەک بەستنی کۆنگرە بۆ دروستکردنی حیزبێک ..یان ئاڵۆزی نێوان لیژنەی زمانەوانی لەسەر ئەوەی چ زاراوەو چ رێنوسێک بەکار بهێنن،

من سەرکەوتنی کۆنگرە لەم خاڵە گرنگانەدا دەبینم.

١- رێکەوتنێکی ستراتیجی لە نێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستان ..بە سیستەمێکی کۆنفیدراڵی ..وەک ئەوەی لە جەنگی جیهانی لە نێوان دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیا بریاری لەسەر درا ..تا نەبن بەژێر پێی دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەکەوە ..واتە یەکگرتنی سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی و ئیداری و لۆجستی هاوبەش، چونکە ئیستا حاڵەتی ناوچەکە لە حاڵەتی شەرو ئاژاوەدایە و ئەگەرەکانی ئاڵۆزبون لە زیادبوندایە .خۆ ئەگەرخوێندنەوەیەکمان هەبێ لە روی جوگرافیاو زمان وکلتورەوە بۆ هەرسێ دەوڵەتی سوید و نەرویج و دانیمارک بڕواناکەم هێندەی ئێمە جیاواز بن.

٢- دروستکردنی لیژنەی دیبلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە کەسایەتی پسپۆرو خاوەن ئەزمونی نێودەوڵەتی کە توانای ئاڵوگۆڕێ بەرژەوەندیە نیودەوڵەتیەکانی هەبێ ...نەک بە تەسکییەی حیزبی دابنرێن، پێویستە لە زۆرترین کەسایەتی بێلایەن پێکبهێنرین.

٣- وەلآنانی هەموو دەسەلاتە حیزبیەکان لە کۆنگرەدا، ئەوانەی دەسەلاتی لیژنەو سەرۆکایەتی سیاسی کۆنگرەیان پێدەبخشرێ دەبێ لە بەرگی حیزبی و ئایدیلۆژی دابماڵدرێن، تەنها کار بە بەرنامەی کۆنگرە بکەن، تا بتوانرێ دەسەلآت وبریارەکانی کۆنگرە لەسەروی بڕیاری حیزبیەکان هەژمار بکرێ و پەیوەستبن بە بریاری کۆنگرەوە و سەرپێچی کار سزای نەتەوەیی و نیشتمانی بەسەردا بسەپێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دوویەم

٤- لە هەموو لیژنەکان بەشداری کەمە نەتەوەیی و ئاینزاکانی تێدا بکرێ، واتە نابێ هیچ هاونیشتمانیەک پەراوێز بخرێ.

٥- پێکهێنانی لۆبێکی کوردستانی دارای بانکی نیودەوڵەتی بۆ ئامادەبکرێ ..تا هەموو کوردستانیەک بتوانێ هاوکاری دارای بکات، تا هیچ لایەنێک لایەنی دارای پاوەن (استغلال )نەکات بۆ دەسەڵاتەکانی خۆی و ببێتە چەکی خۆسەپاندن.

٦- پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی دارای بۆ داهات و خەرجی .نەک لیژنەی دارای.

بەهیوای سەرکەوتن بۆ گەل و خاکی کوردستان .

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

مانگی خەرمانانی ٢٧١٣ کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٣ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی

